### حوسین عەمیدی ئەمینداری گشتی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق و سەرۆکی یەکێتی تۆپی باسکەی عێراق

# دەتواندرێت خولی کوردستان بۆ تۆپی باسکە بکرێتە باشترین و بە هێزترین خول لە ناوچەکە



***■ حوسین عەمیدی ناوێکی ناودارە لە نێو وەرزشی عێراق کە ئێستا ئەمینداری گشتی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقە و هەروەها سەرۆکی یەکێتی تۆپی باسکەی عێراقە و سەرۆکی یانەی حەلەیە بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی وەرزش لە عێراق بە گشتی و یاری تۆپی باسکە بە تایبەتی و وەرزشوانانی عێراق چۆن خۆیان بۆ ئۆلۆمپیاتی پەکین ئامادە کردووە و چۆن دەڕوانێتە بارودۆخی تۆپی باسکە لە عێراق بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی. بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ساز بکەین ئەویش بەم جۆرە وڵامی پرسیارەکانی ئێمەی داوە.■***

*** چۆن دەڕوانیە ئاستی تۆپی باسکە لە عێراق؟**

- من لە مێژوو باسی ئاستی تۆپی باسکەی عێراق دەکەم، پێش ساڵی ٢٠٠٣ ئاستی تۆپی باسکەی عێراق زۆر خراپ بوو کە جێگای شەرمەزاری بوو و گشت یاریزانەکانی هەڵبژاردەی عێراق لەو سەردەمە تەمەنیان زۆر گەور بوو، بۆیە کە سەیری وڵاتانی دراوسێمان دەکرد وەکو لوبنان و سوریا و ئێران یاری تۆپی باسکە ئاستی زۆر بەرز بوو ئەم سەردەمە و پاڵەوانی ئاسیا بوون، بۆیە ئێمە بیرمان لە دروست کردنی هەڵبژاردەیەکی دوا رۆژ کردەوە و هەروەها بڵاوکردنەوەی یاری تۆپی باسکە لە گشت شارەکانی عێراق و زیاتر بایەخ دانی بە یاری تۆپی باسکە بدرێت، بۆیە گەر سەیری ئاستی تۆپی باسکە لە ساڵی ٢٠٠٣ تاکو ئێستا بکەین دەبینین کە ئاستی ئەم یارییە زۆر بەرزتر بووە بەڵگەشمان ئەم ئەنجامە باشییە کە هەڵبژاردەی عێراق لە پاڵەوانیەتی عەرەب بە دەستی هێنا کە پلەی چوارەم بوو ئەمەش دووەمین باشترین ئەنجامە لە مێژووی تۆپی باسکەی عێراق، ئەمەش سەرەتایەکی دلخۆشکەرە بۆ ئێمە، چونکە گشت یاریزانەکانی هەڵبژاردەی عێراق لاو بوون.

*** هۆی زۆری گۆرینی راهێنەرەکانی هەڵبژاردەی عێراق لە تۆپی باسکە چییە؟ بۆ لەسەر راهێنەرێك جێگیر نابن؟**

- زۆری گۆرینی راهێنەرەکان لە زۆر کاتدا سوودی هەیە و هەروەها یاریزانەکانیش سوودی لێ وەردەگرن و فێری شتی تازە دەبن، هەندێ جاریش ئێمە ناچار دەبین کە راهێنەر بگۆرین جا چ لەبەر خراپی ئاستی هەڵبژاردەی عێراقە یاخود بەهۆی کێشە لە نێوان یاریزانەکان و راهێنەر بێت .

*** هۆی دەرکردنی راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق فکرەت جۆنسون کە تورکییە چی بوو؟**

- سەرەتا لە پاڵەوانیەتی عەرەبی ئاستمان زۆر باش نەبوو و چەندین جار تووشی کێشە بووین و هەروەها یاریزانەکانی هەڵبژاردەی عێراق بە گشتی حەز بە قسەی ناشیرین ناکەن، بەڵام راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق فکرەت جۆنسۆن زۆر قسەی ناشیرینی ئارەستەی یاریزانەکانی دەکرد لە کاتی ئەنجام دانی یارییەکان ئەمەش کاریگەریەکی زۆری خراپی کردە سەر ئاستی یاریزانەکان و من ئامادی یاری هەڵبژاردەی

عێراق و لیبیا بووم سەیری یاریزانەکانم کرد هەموویان نیگەران بوون و هیچ ئاستێکیان نیشان نەدە لەم یارییە و منیش تووشی نیگەران بووم، بۆیە کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ یاریزانەکان و دەستەی کارگێری هەڵبژاردەی عێراق سازدا کە لەم کۆبوونەوەیە یاریزانەکان بەڵێنیان دا گەر ئەم راهێنەرە بگۆرن ئەوە ئاستێکی باشتر نیشان دەدەن لە یارییەکان منیش ناچار بووم ئەم راهێنەرە بگۆرم بۆ بەرژەوەندی هەڵبژاردەی عێراق، دوای گۆرانی راهێنەر ئێمە ئاستمان بەرزتر بوو و توانیمان ئاستێکی گەورە نیشان بدەین و پلەی چوارەم بە دەست بێنین.

*** چۆن دەروانیە ئاستی خولی عێراق لە تۆپی باسکە؟**

- ئاستی خولی عێراق ئەمساڵ زۆر بەرزتر و خۆشتر دەبێت لە ساڵانی پێشتر، چونکە کە یارییەکانی کۆمەڵەی کوردستان لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی دەستی پێکرد ئاستی یارییەکان زۆر بەهێز بوو کە لە هەندێك یاری بە جیاوازی خاڵێك کۆتایی بە یارییەکە دەهات ئەمەش جێگای دڵخۆشییە بۆ ئێمە، لە قۆناغەکانی داهاتوو ئاستی یارییەکان بەرزتر دەبێت و خۆشتریش دەبێت.

*** چۆن دەروانیە ئاستی خولی کوردستان لە یاری تۆپی باسکە؟**

- من لەگەڵ مەلا بەختیار سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان باسی خولی کوردستانمان کرد و پێم راگەیاند کە لە خولی کوردستان دەتوانن یاریزانی پیشەگر لە وڵاتەکانی ئەفریقیا بێنن بۆ ئەوەی ئەم خولە بەهێزتر بێت، چونکە کە من چوومە ئیمارات یاخود قەتەر یاریزانی پیشەگەریان لە وڵاتەکانی سینیگال و ئەنگۆلا و وڵاتەکانی تری ئەفریقیا هێناوە بە (١٥٠)$ ئەمەش زۆر ئاسانە لە کوردستان جێبەجێ بکرێت ئەو کات جەماوەریش زیاتر ئامادەی یارییەکان دەبێت و لە کوردستان هۆڵی زۆر باش هەیە و هەروەها پارەش هەیە و دەتواندرێت خولی کوردستان بکرێتە باشترین و بە هێزترین خول لە ناوچەکە و ئاستی ئەم خولە لە خولەکانی ئێران و سوریا و لوبنانیش باشتر بێت، هەروەها دەتوانین ریکلامی بۆ خولی کوردستان بکەین، هەروەها لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان با لەسەر بودجەی خۆی ١٢ یاریزانی پیشەگەر یان زیاتر بهێنێت و بەسەر یانەکان دابەش بکات دواتر دەبینن ئاستی ئەم خولە چۆن بەرزتر دەبێت.

*** هۆی چییە یانەی حەلە گشت پاڵەوانیەتیەکانی تۆپی باسکە لە عێراق بە دەست دەهێنیت؟**

- هۆیەکی بۆ ئیشکردنی راهێنەرەکانی یانە دەگەرێتەوە، چونکە ئەم راهێنەرانە زۆر ماندوو دەبەن و هەروەها لە حەلە هەموو یاری تۆپی باسکەیان خۆش دەوەی و هیوادارم گشت یانەکانی عێراق چاو لە یانەی حەلە بکەنەوە و بایەخ بە یاری تۆپی باسکە بدەن، ئێمە لە یانەی حەلە زیاتر لە (٨٠) یاریزانمان هەیە کە بە شێوەیەکی رۆژانە مەشق دەکەن ئەمەش ژمارەیەکی یەکجار زۆرە، جێگای باسە ئەم یاریزانانە لە کاتی پشووش مەشقی خۆیان ئەنجام دەدەن و جەژنی ئەم یاریزانانە مەشق کردنە ئەمەش جێگای دڵخۆشکەرە بۆیە یانەی حەلە وەکو قوتابخانەیەك وایە لە یاری تۆپی باسکە لە عێراق.

*** بەرنامەتان چییە لە یەکێتی تۆپی باسکەی عێراق بۆ پاڵەوانیەتیەکانی داهاتوو؟**

- دوای ئەو ئەنجامانەی کە بە دەستمان هێنا ئێمە بڕیارمان دا کە دەکتۆر نەبیل هەر وەکو راهێنەری هەڵبژاردەی یەکەمی عێراق بمینێتەوە،چونکە راهێنەرێکی زۆر بە توانایە و شارەزاییەکی زۆری هەیە لەم بوارە هەروەها گشت یاریزانەکانمان لاون و دوا رۆژی یاری تۆپی باسکەی عێراقن، هەوڵ دەدین بەشداری لە گشت پاڵەوانیەتیەکانی داهاتوو بکەین.

*** چۆن دەروانیە خۆ ئامادە کردنی هەڵبژاردەکانی عێراق لە گشت یارییەکان بۆ ئۆڵۆمپیاتی پەکین؟**

- ماوەیەك دەبێت ئەم هەڵبژاردانە خۆیان ئامادە کردووە و تا ئێستاش بەردەوامن لە خۆ ئامادە کردن وئێمە تەنیا لە یارییە تاکەکان بەشداری ئۆڵۆمپیاتی پەکین دەکەین وەك یارییەکانی زۆرانبازی و بۆکسێن و یاری تیرکەوان و یاری بەرزکرنەوەی قورسایی و یارییەکانی تر کە لە ئاسیادی دۆحە ئەنجامی باشیان بە دەست هێناوە و ئەم هەڵبژاردانە چەندین ئۆردوگای مەشقیان بۆ ساز دەکرێت بۆ ماوەی ٨ مانگ و تا ئۆڵۆمپیاتی پەکین دەست پێ دەکات و بە یارمەتی لیژنەی ئۆڵۆمپی نێودەوڵەتی.

*** ئەم هەڵبژاردانە بە چەند یاریزان بەشداری لە ئۆڵۆمپیاتی پەکین دەکەن؟**

- لەم چەند مانگەی داهاتوو یاری پاڵاوتن بۆ گشت یارییەکان ئەنجام دەدرێت بۆ دیاری کردنی ئەو یاریزانانە کە بۆ ئۆڵۆمپیاتی پەکین سەر دەکەون و جارێ دیار نییە کە کێ بۆ ئۆڵۆمپیات سەرکەوتووە و ئێمە چاوەروانی ئەنجامی زۆر باش دەکەین لە یارییەکانی بەرزکرنەوەی قورسایی و زۆرانبازی و هەروەها یاری بۆکسین پەنا بەخوا ئەم هەڵبژاردانە ئەنجامی بەرچاو بە دەست دەهێنن.

*** ئایا ئێوە وەکو لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراق هیچ هەوڵێکتان داوە بۆ ئەوەی یارییەکانی هەڵبژاردەکان و یانەکانی عێراق لە عێراق ئەنجام بدرێت بە تایبەتی لە کوردستان کە هیچ کێشەیەکی نییە؟**

- لەم ماوەیەدا یەکێتیە وەرزشییەکانی عەرەبی داوایان لە ئێمە کرد کە دوو پاڵەوانییەتی عەرەبی لە یارییەکانی کینگ بۆکسێنگ و هێزی لەش لە کوردستان ئەنجام بدرێت و ئێمەش مەرجەکانمان ئامادە کردەوە و رەزامەندی خۆمان نیشاندا بۆ سازدانی ئەم پاڵەوانیتیە لە کوردستان، بەڵام داوامان کردووە کە دەبێ زیاتر لە پێنج هەڵبژاردە بەشداری لەم پاڵەوانیتیە بکەن بۆ ئەوەی ئەم پاڵەوانیتیە سەرکەوتو بێت تاکو بتوانین گشت یارییەکان بگەرێنینەوە کوردستان.

*** چۆن دەروانیە خۆ ئامادەکردنی شاری بەسرە بۆ سازادانی جامی کەنداو لە شاری بەسرە؟**

- ئەوەی راستی بێت ئەمە کاری ئێمە نییە و پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، چونکە ئەمە پەیوەندی بە وەزارەتی وەرزش و لاوانی عێراق هەیە، تا ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی بڕیار نەدراوە کە ئەم پاڵەوانیتییە لە بەسرە ئەنجام بدرێت و چاوەروانی بارودۆخی ئەمنی عێراق دەکەن، بەڵام سازدانی ئەم پاڵەوانیتیە لە بەسرە زۆر زەحمەتە.

*** ئێوە وەکو لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراق پەیوەندیتان لەگەڵ لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان چۆنە؟**

- لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراق و لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان یەك لیژنەیە و هیچ جیاوازیمان نییە و پەیوەندیمان زۆر باشە و هەر شتێکمان پێویست بێت بۆ ئێمەیان دابین کردەوە و هەروەها گشت یاریگایەکانی کوردستان ئامادەیە هەر خولێکی عێراق مێوانداری بکات ئەمەش شتێکی زۆر باشە، هەروەها لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراقیش هەردەم لە خزمەت یانەکانی کوردستان دایە.

*** دوا وتەت بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان چییە؟**

- زۆر سوپاستان دەکەم و هێوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لە کارەکانتان.

**عەلی جەواد ڕاهێنەری یانەی ئەزمەر**

# یانەی ئەزمەر لە یاریگای بچووک مەشق و یارییەکانی خۆی ئەنجام دەدات



***■ یانەی ئەزمەر یەکێکە لە یانە باشـــەکانی کوردســـتانە و توانی لە خولی پلە نایابەکانی کوردستان ئەنجامی زۆر باش بە دەســـت بێنێت و هەروەها پلەیەکی بەرچاوی گرتیە لە ڕیزبەندی خولی کوردســـتان بۆ زانینی چۆنیەتی خۆ ئامادەکردنیان و چەندین بابەتی تر بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیدارە لەگەڵ ڕاهێنەری یانەی ئەزمەر عەلی جەواد ساز بکەین.■***

*** چۆن خۆتان ئامادە کردەوە بۆ خولی کوردستان؟**

- لە ڕاســـتیدا یانەی ئەزمەر مـــاوەی دوو مانگ پێش خولی کوردســـتان خۆی ئامادە کردەوە و چەند یارییەکی دۆســـتانەمان ئەنجامداوە و ئەنجامان باش بووە.

*** ڕات بەرامبەر ئاستی یاریزانان چۆنە؟**

- ئاســـتی یاریزانەکان زۆر باشە و چەندین یاریزانیشمان لاون و بەردەوام دەبێت لە پێشکەوتنی ئاستی یاریزانەکان.

*** پێش یانەی ئەزمەر ڕاهێنەری چ یانەیەك بوویت؟**

- لە یانەی شـــەعەب ئەبی یەمەنی و یانەی کەرخ و ســـەلام و بەرید ڕاهێنەر بووم.

*** ئەم ساڵ چەند یاریزانتان هێناوە بۆ یانەکەتان؟**

- سێ یاریزانمان هێناوە.

*** کێشە و گرفتان چییە لە یانەی ئەزمەر؟**

- هیچ کێشـــەیەکمان نییە، بەڵام یانـــەی ئەزمەر لە یاریگای بچووك مەشـــق و یارییەکانی خۆی ئەنجام دەدات و یاریگایەکی تایبەت بە یانەی ئەزمەر نییە.

*** بۆندت چەندە لەگەڵ یانەی ئەزمەر؟**

- جاری باســـی بۆندمان نەکردووە، چونکە دەستەی کارگێری زۆر باشە.

*** ڕات بەرامبەر یەکێتی تۆپی پێی کوردستان چییە؟**

- بەڕاســـتی گرنگی یەکی زۆر بە وەرزش دەدەن و خەمخۆری وەرزشن و زۆر گرنگی بە تۆپی پێ دەدەن.

*** ڕات بەرامبەر ناوبژیوانانی خولی کوردستان چییە؟**

- لە ڕاستی ئاستیان زۆر باشە.

دیمانە: کارزان کانەبی



## لە یارییەکانی خولی ئیسپانیا

# ئەتلەتیکۆ بلباو / بەرشلۆنە
# ریال مەدرید / ڤیاریال

لەمیانی یارییەکانــی جەولەی (٢١)یەمی خولی ئیســپانیا رۆژانی شـــەممە و یەك شـــەممە چەندین یـــاری گرنگ ئەنجام دەدرێت کــە تیاییدا یانــەی ئەتلتیکۆ بلباو میوانــداری یانەی بەرشــلۆنە دەکات یانەی بەرشــلۆنە تەنیا بۆ بردنەوە یاری دەکات، چونکە گشـــت یارییەکان وەکو یاری کۆتاییە بۆ یانەی بەرشلۆنە، لە هەمان جەولەدا یانەی ریـــال مەدرید میوانداری یانەی ڤیاریال دەکات کە بە یاری لووتکە دادەندرێت، ئەمەی خوارەوەش خشـــتەی یارییەکانی جەولەی (٢١)می خولی ئیسپانیایە

ڤالنسیا - ئەلمریا
ئیشبیلیە – ئۆساسۆنا
ریکریاتیڤۆ هوێلفا – خیتافی
ئیسپانیۆل – ریال بێتیس
دیڤرتیڤۆ لاکرۆنیا – بلد وەلید
ئەتلتیکۆ بلباو – بەرشلۆنە
راسینگ سانتندێر – ریال زارگۆزا
مۆرسیا – لیڤانتێ
مایۆرکا – ئەتلتیکۆ مەدرید
ریال مەدرید – ڤیاریال

## لە خولی پلە نایاب

# هەولێر - سلێمانی،



رۆژی پێنج شەممە و هەینی داهاتوو یارییەکانی خولی (١١)ی قۆناغی یەکەم ئەنجام دەدرێت کە تیاییدا چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدرێت کــە کاریگەری لــە ریزبەنــدی یانەکانی خولی کوردســـتان دەکات ئەمــەی خوارەوەش خشـــتەی یارییەکانی خولی (١١)مە

ئاسۆ – پێشمەرگەی هەولێر یاریگای ئاسۆ
بروسك – ئەزمەر یاریگای بروسك

## لە میانی یارییەکانی خولی ئیتاڵیا

# ئۆدنیزی / ئەنتەرمیلان
# رۆما / پالێرمۆ



رۆژی شـــەممە و یەك شـــەممەی داهاتوو یارییەکانی جەولەی (٢٠)یەمی خولی ئیتاڵیا بەرێوە دەچێت کە تیاییدا یانەی ئۆدنیزی میوانـــداری یانــەی ئەنتەر میـــلان دەکات و هەروەها یانەی رۆما میوانـــداری یانەی پالێرمـــۆ دەکات، ئەمەی خوارەوەش خشـــتەی یارییەکانی خولی ئیتاڵیایە

یارییەکانی رۆژی شەممە
سامبدۆریا – سیینا
رۆما – پالێرمۆ
یارییەکانی رۆژی یەك شەممە
ئەتلانتا – ریجینا
کالیاری – ناپۆلی
کاتانیا – پارما
ئەمپۆلی – ڤیرۆنتینا
ئەی سی میلان – جەنەوا
تۆرینۆ – لازیۆ
ئۆدنیزی – ئەنتەر میلان
لیڤۆرنۆ – یۆڤنتۆس

## لە خولی پلە نایابەکانی ئینگلتەرە

# ئەرسناڵ / نیوکاسیڵ یۆنایتد
# مانچستەریۆنایتد / بۆرتسمۆس



رۆژی ســێ شەممە و چوار شــەممە یارییەکانی جەولەی (٢٤) ی خولی پلە نایابەکانــی ئینگلتەرە بەرێوە دەچێت کە تیاییدا یانەی ئەرسناڵ میوانداری یانەی نیوکاسیڵ یۆنایتد دەکات و هەروەها یانەی مانچســتەر یۆنایتد میوانداری یانەی بۆرتســمۆس دەکات ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە

یارییەکانی رۆژی سێ شەممە
بۆڵتۆن — فۆلهام
دێربی کاونتی — مانچستەر سیتی
میدلزبرە — ویگان
وێست هام یۆنایتد —لیڤەرپوول
ئەرسناڵ — نیوکاسیڵ یۆنایتد
سەندرلاند — بێرمنگهام سیتی
یارییەکانی رۆژی چوارشەممە
ئەستۆن ڤێلا — بلاکبێرن رۆڤرز
چێلسی — ریدینگ
ئێڤرتۆن — تۆتنهام هۆتسبێر
مانچستەر یۆنایتد — بۆرتسمۆس

## لە خولی فەرەنسا

# نانسی / مەرسیلیا
# لیۆن / لۆریان



لەمیانی یارییەکانی جەولەی (٢٢)ی خولی فەرەنســا رۆژانی چوار شــەممە و پێنج شەممە چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدرێت کــە تیاییدا یانەی نانســی میوانداری یانەی مەرســیلیا دەکات و هەروەهــا یانەی لیــۆن میوانداری یانەی لۆریــان دەکات، ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە

یارییەکانی رۆژی چوار شەممە
ڤالَنسیان — لانس
کان — ئۆکسێر
لیل — لۆمان
لیۆن — لۆریان
مۆناکۆ — سۆشۆ
پاریس سان جێرمان — میتز
رین — نیس
ستراسبۆرگ — تولوز
نانسی — مەرسیلیا
یارییەکانی رۆژی پێنج شەممە
بۆردۆ — سانت تیان

## ...ـەکانی کوردستان

# کەرکووک -سیروانی نوێ



پێشــمەرگەی ســلێمانی — ئــارارات یاریــگای پێشمەرگەی سلێمانی
پێشــکەوتن — هەڵــۆ یاریگای شەهیدان
دهۆك — زاخۆ یاریگای دهۆك
کەرکووك — سیروانی نوێ یاریگای کەرکووك
پێــرس — هەندرێــن یاریگای پێرس
هەولێــر — ســلێمانی یاریگای هەولێر